*Journal of Language Studies.* Vol.VI, No.1, Autumn 2022, Pages (205-222)

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# Argument Structure description in the Kurdish Language

Asst.Prof.Sirwan Samen Ahmed *
Kurdish Department, University of kurkuk
Serwansamen4@gmail.com
&
Prof .Dr. Shelan Omar Huseen
Kurdish Department , University of sulaimani
Shilan.hussein@univsul.edu.iq

**Received:** 22 /6 /2022 , **Accepted:** 1 /7/2022 , **Online Published : 20 /12 / 2022**

**Abstract**

This research is entitled (Argument Structure description in the Kurdish Language), an attempt to present the relationship between syntax and semantics. The purpose of argument structure is to show the relationship between predicates and arguments in a sentence. The data and samples of the study were taken from the Kurdish Lexicon. According to their Lexical information, the argument structure was presented and then tested in syntax to determine the relationship between the argument structure and the syntactic structures. In the result, the research indicates the argument structure is central between semantics and syntactic structures.

**Key words:** Argument Structure, Predicate, Argument, Theta Roles.

**وصف البنية الموضوعاتية في اللغة الكوردية**

أ.م. سيروان سمين احمد

جامعة كركوك– كلية التربية للعلوم الأنسانية

و

أ.د. شيلان عمر حسين

جامعة السليمانية– كلية اللغات

* **Corresponding Author**: Asst.Prof.Sirwan Samen**, E.Mail**: Serwansamen4@gmail.com
**Tel**: +9647700929494 **, Affiliation**: kurkuk University -Iraq

**<u>الملخص:</u>** هذا البحث بعنوان (وصف البنية الموضوعاتية في اللغة الكوردية) محاولة لعرض العلاقة بين النحو والدلالات. الغرض من البنية الموضوعاتية هو إظهار العلاقة بين المسند اليه و الموضوع في الجملة، أي الوصول الى حيثيات تركيب البنية الموضوعاتية أستنادا الى المعجم. ولأن البحث منطلقه من المعجم، فقد تم أخذ بيانات وعينات البحث من تقديم البنية الموضوعاتية تم للمفردات، المعجمية المعجم اللغة الكوردية، ووفق اللمعلومات ثم اختبارها في بناء الجملة لتحديد العلاقة بين البنية الموضوعاتية والبنى النحوية. وفي النتيجة ، توصل البحث إلى أن البنية الموضوعاتية تتوسط بين الدلالات والتراكيب النحوية.
**<u>الكلمات الدالة:</u>** البنية الموضوعاتية ، الموضوع ، المسند اليه، أدوار ثيتا .

# پەسنكردنی دروستەی ئاڕگومێنت لە زمانی كوردییدا

پ.د.شیلان عومەر حسێن
زانكۆی سلێمانی/سكوڵی زمان

پ.ی. سیروان سەمین ئەحمەد
زانكۆی كەركوك/كۆلێژی پەروەردە

**پێشەكی:**
**ناونیشانی لێكۆڵینەوە:** ئەم لێكۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (پەسنكردنی دروستەی ئارگومێنت لە زمانی كوردییدا)یە ە
**ئامانجی لێكۆڵینەوە:** ئامانجی لێكۆڵینەوەكە پەیوەندی نێوان پریدیكات و ئارگۆمێت دیاریدەكات لە ڕوانگەی سینتاكس و سیمانتیكەوە بە پێی بنەمای دروستەی ئارگۆمێنت .
**سنوری لێكۆڵینەوە :** سنوری لێكۆڵینەوەكە لە چوارچێوەی سینتاكس و سیمانتیكدایە نمونەو داتاكان لە زاری كرمانجی ناوەڕاستەوە وەرگیراون.
**ڕێبازی لێكۆڵینەوە :** لە ڕێبازی لێكۆڵینەوەكەدا ڕێبازی وەسفی شیكاری بەكارهێنراوە.
**ناوەڕۆكی لێكۆڵینەوە:** ئەم لێكۆڵینەوەیە جگە لە پێشەكی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان لە دوو بەش پێكهاتووە لە بەشی یەكەمدا باس لە (پریدیكات و ئاڕگۆمێنت لە زمانی كوریدا و جۆرەكانی ئاڕگۆمێنت و جۆرەكانی پریدیكات و نائاڕگۆمێنت) كراوە لە بەشی دووەمدا باس لە (دروستەی ئاڕگۆمێنت و بەپریدیكاتكردن و ڕۆڵی بابەتانە و دروستەی ئاڕگۆمێنت كراوە.

## 1/پریدیكات و ئاڕگۆمێت لە زمانی كورییدا

### ١/١ ئاڕگۆمێنت لە زمانی كورییدا

ئاڕگۆمێنت فرێزێكی ناوییە ،كە هەڵگری پەیوندییەكی ڕێزمانی یان سیمانتیكییە، پەیوەست بەكردارێكەوە، ئاڕگۆمێنت دەشێت لە ڕووی پەیوەندیی ڕێزمانییەوە (بكەر، بەركار، ...) دیاریبكرێت یان لە ڕووی ڕۆڵی سیمانتیكییەوە بە (كارا، كارتێكراو ، سودمەند، ...) دیاریبكرێت(Trask,2007,20)، واتە ئاڕگۆمێنت ئاماژە بە جێكەوتەی بەتاڵی پریدیكات، یان ئەرک دەكات و ئەو شوێنانەی، كە پریدیكات یان ئەركەكان داوایدەكەن بەپێی ژمارەی ئەو ئاڕگۆمێنتانەی ،كە پریدیكاتەكان داوایدەكەن ژمارەی شوێنە بەتاڵەكان دەگۆڕێت، بەگشتی پریدیكاتی (یەک جێکەوتەیی ، دوو جێکەوتەیی ، سێ جێکەوتەیی) هەیە(Bussmann,1998,85)، جێكەوتەی بەتاڵی پریدیكات لەگەڵ بەبرشتی سینتاكسییدا پەیكاڵە، پۆلەرەگەزی ناو سەرەكیترین پۆلەرەگەزە كە دەبێتە ئاڕگۆمێنت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فرێزی پێشناوی لەگەڵ هەندێک جۆری پریدیكاتدا دەبێتە ئاڕگۆمێنت.

1. ئاسۆ وانەكەی خوێندووە .

2. ئاسۆ نامەکەی بەئێمە دا.

لە ڕستەی (١)دا NP ەکانی (ئاسۆ) و (وانەکە) ئارگۆمێنتن و لە جێکەوتەی بنەرەتی خۆیاندا لە لایەن سەرە ڕێزمانییەکەیانەوە دۆخی ڕێزمانی و ڕۆڵی واتاییان پێدراوە لە ڕستەی ( ٢ ) دا فرێزی پێشناوی (بە ئێمە ) ئارگۆمێنتە دۆخی ڕێزمانی و ڕۆڵی بابەتانەی وەرگرتووە .

**٢/١ جۆرەکانی ئارگۆمێنت**

ئارگۆمێنت لە ڕووی سینتاکسیی و سیمانتکیی بۆ چەند جۆرێک دابەشدەکرێن گرنگترین جۆرەکانی ئارگۆمێنت ئەمانەن:

**1. ئارگۆمێنتی سینتاکسی :**

کرداری ناوەرۆکدار(content) جۆر و ژمارەی ئارگۆمێنتە سینتاکسیەکان دیاریدەکات، کە دەتوانن یان پێویستە دەربکەون و ئەرکی سینتاکسییان بەسەردا جێبەجێدەکات وەکو(بکەر، بەرکار... ).

2. **ئارگۆمێنتی سیمانتیکی :**

کردارەکان جۆرو ژمارەی ڕۆڵەبابەتانەکان بۆ ئارگۆمێنتەکانی دیاریدەکەن ، دەبنە ئارگۆمێنتی سیمانتیکی، واتە لەوە دەکۆڵێتەوە ، کە چۆن (ئارگۆمێنتەکان) پەیوەندییان بە پریدیکاتەوە هەیە. (bresnan,1998:7)

3. **ئارگۆمێنتی ناوەکیی:** هەندێک تیۆریی ڕێزمانی ئارگۆمێنتەکان بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەشدەکەن: ١. ئارگۆمێنتی ناوەکیی ٢. ئارگۆمێنتی دەرەکیی، لەساڵی ١٩٨١ لەلایەن (William,E) ئارگۆمێنتی ناوەکیی و دەرەکیی خرایەروو، ئەو ئارگۆمێنتانەی لەناو فرێزی کرداریدان پێیاندەگوترێت ئارگۆمێنتی ناوەکیی ( Internal Argument) (Bussmann,1998,86) واتە ئەو ئارگۆمێنتانەی دەچنە جێکەوتەی بەرکارییەوە ئارگۆمێنتی ناوەکیین.

3 . لەند ڕۆمان دەخوێنێتەوە .

لە ڕستەی (٣)دا (ڕۆمانەکە) ئارگۆمێنتی ناوەکییە، لە چوارچێوەی (VP)دایە وبەشێوەیەکی دروستەییانە لە پریدیکاتەکەوە نزیکە.

**4 ئارگۆمێنتی دەرەکیی:**

جێکەوتەی ئارگۆمێنتی پریدیکات ئەگەر ڕۆڵی بابەتانەکەی لە دەرەوەی پرۆژەسازدانی مەزنی پریدیکاتەکە بێت،ئەوە لە ڕووی سینتاکسییەوە دەرەکییە، هەر بۆیە بکەر بەپێی یاساکە لەدەرەوەی فرێزی کردارییدا دەردەکەوێت دەبێتە ئارگۆمێنتی دەرەکیی پێویستە یەک ئارگۆمێنتی دەرەکیی هەبێت لە ڕستەدا ئەوا هەموو ئارگۆمێنتەکانی تر دەبنە ئارگۆمێنتی ناوەکیی.

٤ . ئازاد سێوەکەی خوارد .

لە ڕستەی (٤)دا ئازاد بکەری ڕستەکەیە لە دەرەوەی (VP) دایە، بۆیە بەئارگۆمێنتی دەرەکی دادەنرێت، بڕوانە (Borer,2005:22, Baker,1988:47) ئەگەر سەرێک هەردوو جۆرە ئارگۆمێنتەکەی هەبوو ئەوا ئارگۆمێنتی دەرەکیی لە هەموو ئارگۆمێنتەکانی دیکە بەشێوەیەکی دروستەییانە دورترە، ئارگۆمێنتی دەرەکیی دوو تایبەتمەندی سەرەکی هەیە: ١. بکەر(ئارگۆمێنتی دەرکیی) لە دەرەوەی فرێزی کردارییدا بەرهەمدێت . ٢. لە ڕووی سیمانتیکییەوە بە ڕووداوی کردارەکەوە پەیوەستە/پەیوەندیی هەیە.

**5 ئارگۆمێنتی ڕێڕەو path Argument**

فرێزە پێشناوییەکان پێکەوە وەکو ئارگۆمێنت لە سینتاکسدا دەردەکەون، بڕوانە (a٥ ) بە لابردنیان ڕستەیەکی نارێزمانی دروستدەبێت (٥ b)، کەواتە پێشناوەکان خۆیان بەشێکن لە فرێزی پێشناوی(٥ .(c

a٥ ) من دیارییەکەم بە هیوا دا

B5*من دیارەکەم دا

C5*من دیارەکەم هیوا دا.

**6 ئارگۆمێنتی ئاشکرا:**

ئەو ئارگۆمێنتانە دەگرێتەوە ،کە بەشێوەی ڕوون و دیار وئاشکرا دەردەکەون.

6 هیوا وانەکەی خوێندەوە.

**7 ئارگۆمێنتی نائاشکرا/شاراوە:**

ئەو ئارگۆمێنتەی،کە بەشێوەیەکی ئاشکرا دەرنابڕدرێت پێیدەگوترێت ئارگۆمێنتی نائاشکرا/شاراوە، کاتێک کارای ڕستەی بکەرنادیار ئاماژەی پێناکرێت و دەرنابڕدرێت(crystal,33)

7 . نانەکە خورا.

**8 ئارگۆمێنتی ڕستەیی:**

جۆرەکانی تری ئارگۆمێنت لە ڕێگەی فرێزی ناوییەوە دەردەبڕدران بەڵام ئەو ئارگۆمێنتانەی ،کە لە ڕێگەی ڕستەوە دەربڕدرێت پێیاندەگوترێت ئارگۆمێنتی ڕستەیی sentential (argument)

8 . دەزانم ،کە ئاسۆ سەردەکەوێت.

9 ئارگۆمێنتی خورتی:

ئەو ئارگۆمێنتەیە ،کە ناتوانرێت لە ڕستەدا لابدرێت، کەرەستەی بنجی و سەرەکیی ڕستەیە.

9.هیوا کارەکەی تەواوکرد.

**10 ئارگۆمێنتی سەرپشکیی:**

ئەو ئارگۆمێنتەیە لەلایەن ڕستیلەوە دیاریکراون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت لابدرێت

10.تاوانبارەکە دەستگیرکرا .

11.تاوانبارەکە لەلایەن پۆلیسەکەوە دەسگیرکرا.

11 **ئارگۆمێنتی ناووکی**core argument**:** ئەو ئارگۆمێنتەیە کە دەبێتە بکەر، بەرکاری ڕاستەخۆ، بەرکاری ناڕاستەخۆی کردار (**(glossary of linguistic terms**

١٢ . فرهاد کتێبەکەی بە ئاسۆ دا .

**٣/١ پریدیکات:**

پریدیکات ئەو بەشەی ڕستەیە کە بکەر نەبێت. بۆ یەکەمجار فەیلەسوفی گریکی ئەرستۆ ڕستەی بۆ بەشی بکەر و بەشی پریدیکات دابەشکردبوو، واتە پریدیکات فرێزی کرداری لەخۆدەگرێت. (Trask,2007,228) لێکدانەوەی جیاواز بۆ پریدیکات کراوە بەجۆرێک ئەو پێناسانەی بۆ ڕستە کراوە ڕەنگدانەوەی لەسەر پێکهاتەی پریدیکات هەبووە. هەر لەم ڕوانگەیەوە بەشە کردار بە پریدیکات دانراوە پریدیکات ئەو بەشەی ڕستەیە کە شتێک دەربارەی بکەر دەردەبردرێت دەشێت پریدیکات بەرکار ، تەواوکەر ، ئاوڵکردار لە خۆبگرێت یا نا(Richards,412) بۆنمونە


١٣. ئاسۆ ماندووە .

١٤ . ئاسۆ نان دەخوات.

١٥ . ئاسۆ بەپەلە نان دەخوات.


لەڕستەی (١٣)دا تەنها پریدیکات و بکەر ئاماژەپێکراوە لەڕستەی( ١٤ ،١٥) جگە لە بکەر و پریدیکات بەرکار و ئاوڵکرداریش لە خۆدەگرێت بۆ ڕوونکردنەوەی پریدیکات لە ڕێزمانی نەریتی بڕوانە هێڵکاری ژمارە (١)

**هێلکاری ژمارە (١)**




لە هێڵکاری ژمارە(١)دا بەهۆی ئەوەی (VP) بە پریدکات دانراوە، هیچ بایەخێک بەکردارەکە نەدراوە، کە کردارێکی یەک هێزی یان دوو هێزی یان سێ هێزییە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بۆچوونە نوێیەکان بە تەنها (کردار ، پێشناو، ئاوەڵناو و ناو) بە پریدیکات دادەنێن و پریدیکاتی یەک شوێنی و دوو شوێنی و سێ شوێنی جیاکراوەتەوە

هێلکاری ژمارە(٢)




لە نمونەکانی (١٦ــ ٢٢) دا بەپێی ژمارەی ئارگۆمێنتەکان ، ژمارەی جێکەوتەی پریدیکاتەکان دەخرێتەڕوو .

١٦. ـــــــ هات.

١٧ـــــــ ـــــــــ خواردووە.

١٨. ــــــ ـــــــ ــــــــ پێدان.

١٩. ــــــ زیرەکە.

٢٠. ـــــــ لە ــــــــ گەورەترە

٢١. ـــــــ مامۆستایە.

٢٢ــــــــ خزمی ـــــــــ. .

دەتوانرێت دارشتەی رستەکانی سەرەوە بەم شێوەیە بنوێنرێت.

١٦. هات (A )
١٧.خواردووه( B،A )
١٧پێدان ( B،A ،C )
١٨.زیرەکە (A )
١٩.گەورەتر ( (A,B
٢٠.مامۆستایە ( A )
٢١.خزمی( B،A )

لە نمونەکانی سەرەوە چەند خاڵێکی سەرەکی سەبارەت بە پریدیکات دەردەبڕین:

1. لەڕووی ســـیمانتیکییەوە پریدیکات ناتەواوە، ئەگەر بەتەنها دەربکەوێت، ناتوانرێت واتای پریدیکاتێک ڕوونبکرێتەوە یان پارافرێزی/بەئاوەڵفرێزی بۆبکرێت بێ ئەوەی ئاماژە بەئارگۆمێنتەکانی بکرێت .
2. هەر پریدیکاتێک ژمارەیەک ئارگۆمێنتی جێگیری هەیە، ئەگەر هەر پریدیکاتێک دوو ئارگۆمێنتی هەبوو ئەوە تەنها پێویستی بە دوو ئارگۆمێنتە بۆ ئەوەی ڕستەـ ناوەرۆکێک دروستبکات نەزیاتر نەکەمتر بەو جۆرە پریدیکاتەش دەگوترێت پریدیکاتی دوو شوێنی ، شـــوێنی ئارگۆمێنتەکان بە بەشـــێک لەواتای پریدیکات دادەنرێت بڕوانە نمونەکانی (٢،٥،٧).
3. ڕیزبوون و یەک بەدوایەکداهاتنی ئارگۆمێنتەکانی پریدیکات گرنگە بەگشـــتی نەک هەموو جـارێـک ڕیزبوونی ئـارگۆمێنتەکـان لە نوانـدنی لۆژیکییـدا لەگەڵ ڕیزبوونی ئارگۆمێنتەکانی ڕستە،کە پریدیکات وەریدەگرێت پەیکالن.

٢٢ . ئامانج لە ئاسۆ گەورەترە.
A B پریدکات
پریدیکات ( B،A )
٢٣ئاسۆ لە ئاکۆ درێژترە.
B A
پریدکات(B A)

بەڵام پێویســـتە ئەوە بزانین کە ڕیزبوونی ئارگۆمێنتەکان پەیوەندیی بە ســـیمانتیکی پریدیکاتەوە هەیە .

٢٣ئاسۆ لەئاکۆ گەورەترە.
(A B
نابێت (ئاکۆ لە ئاسۆ گەورەتر) بێت
واتە نابێت ( B،A) گەورەتر هەبێت بۆ هەمان ڕستە ناوەرۆک .

ئەو پریدیکاتەی کە بەیەک ئـارگۆمێنت واتـاکەی تەواو دەبێت و ڕســـتە نـاوەرۆکێکی تەواو پێکدێنێت پێی دەگوترێت پریدیکاتی یەک جێکەوتەیی لە ڕێزمانی نەریتییدا زۆربەی ڕســـتەکان بەپێی ئەم جۆرە پریدکاتە لێکدراوەتەوە کە لە بکەر + پریدکات ) پێکدێت. بڕوانە نمونەکانی (٣، ٦،٤)

## ٤/١ جۆرەکانی پریدکات:

پریـدیکـات ئەو پۆلە ڕەگەزەیە لە دروســـتەکەیدا داوای ئـارگۆمێنت دەکـات و جێکەوتەی ئارگۆمێنتەکانی دیاردەکات هەیانە یەک شوێنی یان دوو شوێنی یان سێ شوێنی و چوار شوێنی واتە پریدیکات ڕۆڵێیدەرو حوکمکەری کەرەســـتە زمانییەکانی ترن، هەر ئەمانەن چۆنیەتیی و جۆری کەرەســـتە لە ڕســـتەدا هەڵیاندەبژێرن و دیاریاندەکەن، دیارترین جۆرەکانی پریدیکات ئەمانەن:

1. کردار

گرنگترین جۆری پریدکات کرداره و له تیۆری سینتاکسییدا هەموو ئارگۆمێنتێکی سینتاکسیی کردار خورتیین و پێویسته له ڕستەیەکی فۆڕم دروستدا دەربڕدرێن/بنوێنرێن چونکه لابردنی هەر ئارگۆمێنتێکی ڕستەکه دەکاته فۆڕم ناردروست( .(kearn,35,2011

٢٤ . ئازاد سێوەکەی خوارد.

*ب/ئازاد خوارد.

واته بەپێی سروشت و داواکارییەکانی خۆی ژماره و جۆری ئارگۆمێنتەکان هەڵدەبژێرێت و جێکەوتەی ئارگۆمێنتەکانی دیاردەکات هەیانه یەک شوێنی یان دوو شوێنی یان سێ شوێنی و چوار شوێنی.

٢٥. کۆترەکه فری.

٢٦. لەند کۆترەکەی فراند.

٢٧.لەند دەرگاکەی له کۆترەکه کردەوه.

٢٨.لەند کۆترەکەی له کاوه به پەنچا هەزار کری.

له نمونه (٢٥)دا کرداری فری تەنها یەک ئارگۆمێنتی داواکردووه به پریدیکاتی یەک شوێنی (Monadic predicate) ناودەبرێت. له (٢٦) دا کرداری فراند دوو ئارگۆمێنتی داواکردووه پێی دەگوترێت پریدیکاتی دوو شوێنی(Dyadic predicate ) . له (٢٧)دا کرداری لێکردنەوه داوای سێ ئارگۆمێنتی کردووه وەرگرتوه و بەپریدیکاتی سێ شوێنی ( Triadic predicate) ناودەبرێت له (٢٨) دا گریمانەی ئەوه دەکرێت کرداری (کرین ، فرۆشتن ، پێگۆڕینەوه ، پێلێکردنەوه) له پریدیکاتی چوار شوێنی بن بۆ کرداری کرین و فرۆشتن له رووی سیمانتیکییەوه پێویستی به چوار ئارگۆمێنته لەنمونه (٢٣)دا روونکراوەتەوه چونکه له کرین و فرۆشتن پێویسته ئەمانه هەبن.

1. کریار /فرۆشیار
2. شتێک بۆ فرۆشتن/کریین
3. نرخی شتەکه
4. فرۆشیار/ کریار

بەڵام له ڕووی سینتاکسییەوه (کرین/فرۆشتن) تەنها پێویستیان به دوو ئارگۆمێنت هەیه چونکه به هەردوو ئارگۆمێنتەکه ڕسته- ناوەرۆکێکی تەواو و دروست دەبێت.

٢٩.کارزان کتێبەکەی کری .

٣٠.کارزان کتێبەکەی فرۆشت.

**2. ئاوەڵناو:**

ئاوەڵناوەکان به شێوەی گشتی پریدیکاتی یەک شوێنیین بەڵام له پلەی بەراورد جیاوازن لەڕووی ڕێزمانییەوه ئاوەڵناوەکان بەسێ جۆر بەکاردەهێنرێن: ١. بەکارهێنانی پەسنیی/وەسفی ٢. پریدیکاتی ٣. بەکارهێنانی ئاوڵکردار ئاسا، پەیوەست بەم بابەتەوه تەنها جۆری یەکەم و دووەم گرنگن،بەڵام ئەو ئاوەڵناناوانەی که بەکارهێنانی ئاوڵکردارئاسایان هەیه، بەهۆی ئەوەی توخمێکی سەربارن و پەسنی هیچ ئارگۆمێنتێک ناکەن بۆیه نابنه پریدیکات.

له بەکارهێنانی پەسنیدا ئاوەڵناوەکان له چێوەی فرێزه پەسنکراوەکەدان. بروانه (٣١)

٣١کۆتری سپی هێمای ئاشتییه.

لەڕستەی (٣١) دا ئاوەڵناوی سپی نابێته ئارگۆمێنت بەڵکو له چێوەی فرێزەکه دا (کۆتری سپیی) پێکەوه دەبنه ئارگۆمێنت (lobner,2013,117)

بەکارهێنانی دووهەم بەکارهێنانی پریدیکاتییه له زۆربەی بەکارهێنانەکاندا ،که ئاوەڵناو دەبێته پریدیکاتی ئاوەڵناوەکان لەگەڵ کەپولا له پرۆسەی کرداربەندیدا پێکەوه دەبن به پریدیکات یان لەگەڵ ئەو کردارانەی هاوشێوەی ئەون بۆ ئەوەی VP پێکبهێنن. لەم جۆرەدا ئاوەڵناوەکه پریدیکات دەردەبڕێت جۆری بکەرەکه دیارییدەکات .

٣٢.کورەکە باڵابەرزە.

ب*خانوەکە بالابەرزە.

هەندێک ئاوەڵناو هەیە کاتێک وەکو پریدیکات بەکاردەهێنرێت پێویستی بە فرێزێکی پێشناوی وەکو ئارگۆمێنت بۆ نمونە (جیاواز، دڵخۆش)

٣٣.چیرۆکەکە جیاوازە . (لەچی)

٣٤چیرۆکەکە جیاوازە لە ڕۆمانەکە.

NP پریدکات PP

٣٥.باوکەکە دڵخۆشە. (بەچی)

٣٦.باوکەکە دلخۆشە بە کورەکەی .

ئاوەڵناوی پلەی بەراورد لەو جۆرە ئاوەڵناوانەن بە پریدیکاتی دوو شوێنی دادەنرێن.(lobner,2013,118)

٣٧.ئاسۆ لە ئاکۆ گەورەترە.

٣٨.ئاسۆ لە هەمووومان گەورەترە.

### 3. پێشناو:

پێشناوەکان بەشێوەی گشتیی پریدیکاتی دوو شوێنین.

٣٩.ئۆتۆمبێلەکە لە گەراجەکەیە.

لە( A گەراجەکە)

فرێزە پێشناوییەکان پێکەوە وەکو ئارگۆمێنت لە سینتاکسدا دەردەکەون لەم ڕستانەدا

٤٠.ئەو نهێنییەکەی به ئێمە گوت.

٤١.ئەو نامەکەی به ئێمە دا .

ئەگەر فرێزە پێشناوییەکانی ڕستەی(٤٠ و ٤١) لاببرێن ڕستەکە دەبێتە نارێزمانیی کەواتە پێشناوەکان دەشێت خۆیان لەڕستەدا دوو شوێنی بن یان دەشێت خۆیان وەکو فرێزی پێشناوی بەشێک بن لە پریدیکاتێکی تردا، واتە پێشناوەکان هەمیشە پریدیکاتی دوو شوێنی نین(Kearn,39,2011)

### 4. ناو:

ناو وەکو پریدیکات پێویستی بە یەک یان دوو ئارگۆمێنت هەیە واتە پریدیکاتی یەک شوێنی و دوو شوێنین، تەنها ناوەگشتییەکان دەتوانن ببنە پریدیکات داوای ئارگۆمێنت بکەن، بەڵام ناوە تایبەتییەکان نابنە پریدیکات(Resi,2014:164-165) بڕوانە نمونەی (١٢)پریدیکاتی سێ شوێنی و چوار شوێنی پەیوەستن بەکردارەوە خۆ ئەگەر لەجۆرەکانی تردا هەبێت لە ڕێگەی ئەو ناوانەوە دەردەبڕدرێت کە لە کردارەوە هەڵگوێزاون.بڕوانە (٤٢)

٤٢.کاوە مامۆستایە.

لە ڕستەی (٤٢)دا NP (مامۆستا) لەگەڵ کەپولا دەبنە پێکهاتوویەک فرێزی (مامۆستا) پریدیکات دەردەبڕێت ،بەڵام لەگەڵ کەپولاکە VP پێکدەهێنن واتە کەپولا بە تەنها خۆی نابێتە پریدکات چونکە ناتوانێت هیچ دەربڕێت و هیچ پەیوەندییەک دەرناخات هەروەها دەشێت لە شێوەی فرێزی خستنەپاڵیدا لەگەڵ کەپولا دەربکەون.

٤٣.کاوە مامۆستای ئامادەییە.

ناو وەکو پریدیکاتێک دەشێت داوای زیاتر لە ئارگۆمێنتێک بکات .

٤٤هەڵگەرانی پیاوەکە بە شاخەکەدا سەختبوو.

لە رستەی (٤٤)دا ناوی کراری هەڵگەران پێویستی بە دوو ئارگۆمێنت هەیە :یەکەمیان کەسێک کارەکە ئەنجامبدات دووەمیان شاخێکە کە کەسەکە پێیدا هەلدەگەرێت هەندێک سەرناوی دیاریکراو هەن وەک (سەر، ژێر ، خوار، تەنیشت) بەهەمان شێوە پریدیکاتن و داواکراویان هەیە نیشانە واتاییەکانی ئەم سەرناوانە لە نیشانە واتاییەکانی سەرناوەکانی تر جیاوازن ئەمانە ناوی ئاوەڵکردارییین و داوای ناوێکی نائاوەڵکرداری دەکەن بۆئەوەی پێکەوە ناوێکی

ئـاوەڵـكرداريـی دروســــتبـكەن لەرێـی پێشـــنـــاوێـكەوە لە ڕســــتەدا وەک ئـاوەڵـكـردار بەكاربهێنرێت(مەحويی،قادر،حسيەين،٢٠١٠، ٨٤)

**٥/١ نائارگۆمێنت**

نائارگۆمێنت بەو كەرەستانە دەگوترێت كە لە ڕستەدا بوونيان خورتيی نييە، لابردنيان كار ناكاتە سەر لايەنی ڕێزمانی ڕستەكە، بەڵكو زانياری زياتر لەبارەی كارەكانەوە دەخەنەروو، سەربارەكان وەكو نموونەی نائارگۆمێنت كەرەستەی داواكراوی كردارنيين و دۆخيان نييە، لە جێكەوتەی نائارگۆمێندا دۆخی ڕێزمانی نادرێت ،،چونكە شـــوێنی ئارگۆمێنتێک نييە لەلايەن كردارەوە داواكروبێـت تـا بە خورتەكی كەرەســــتەكە بگوازرێتەوە بۆی ( تـارا محســــن،٢٠٠٤، ٦٦)، ســــەربـار ئەو جێكەوتەيەيە بۆ ڕوونكردنەوەی زيـاتر لەبـارەی كارێكەوە بۆ نمونە لە (ئاوڵكردارەكانی كات ، شـــوێن چۆنييەتی..) دەردەكەوێت ، واتە ئەو زاراوەيەيە كە ئاماژە بە وەچە پێكهاتەی سەرپشكی دەكات كە بە وەچەپێكهاتەيەكی ديكەوە هەڵواسـراوە(زيادكراوە) بۆ ئەوەی وەچە پێكهاتەيەكی گەورەتر لەهەمان چەشـن پێكبهێنێت (Radford,2006,321)


٤٥.من <u>ئەمرۆ</u> وانەكانم خوێند.

٤٦.من <u>ئەمرۆ لەزانكۆ</u> وانەكانم خوێند .

٤٧.من <u>ئەمرۆ لە زانكۆ بەجوانی</u> وانەكانم خوێند .

لەنمونەكانی (٤٥،٤٧،٤٦)دا ئاوڵكردارئـاســــاكـانی(<u>ئەمرۆ لە زانكۆ بەجوانی</u> )لابردنيان كاريگەری ڕێزمانی ناكاتە ســەر ڕســتەكان بەڵكو ســيمانتيكيانە بۆ پێدانی زانياری زيادە پەيوەست بە كردارەكەوە بەكارهێنراون .

دياريكردنی سەربار لە ڕووی سينتاكسيەوە لە ڕێگەی ئەركە ڕێزمانييەكانەوە دياريدەكرێت بەهۆی ئەوەی ســـەربار بەهەمان شـێوەی ئەركە ڕێزمانييەكانی ديكە (بكەر ، بەركار....) بەئەركێكی ڕێزمانی دادەنرێت، چونكە ئەركەكانی ئاوڵكردار ئاســـا و ديارخەريی( خۆيان وەكو دوو ئەرک ســــەربارن ، بەواتايەكی ديكە ســــەربارەكان خۆيان ڕاســــتەخۆ ئەرک نيين،بەڵكو ئەرک لەخۆدەگرن كە گرنگترينيان ئەركی ئاوڵكردار ئاسـا و ديارخەرييە فرێزە ســــەرپشـــكييەكـانی وەكو( فرێزی پێشــــنـاوی و فرێزی ئـاوڵكرداری ) ئەو ئەركـانە دەبينن(Ernst,2004:105)




لە ڕووی سيمانتيكيشەوە لە بەئەوەی سێتا ڕۆڵەكان پەيوەندی نێوان پريديكات و ئارگۆمێنت دەردەخەن و لە دروستەی قووڵدا بە ئارگۆمێنتەكان دەدرێن ،بەڵام سـەربارەكان ئارگۆمێنت نين و لە دروستەی قووڵدا دەرناكەون و سێتاڕۆڵ وەرناگرن (Haegeman,1994,118)

٤٨.هيوا هات .

٤٩.هيوا بۆ زانكۆ هات.


لە ڕســـتەی (٤٩، ٤٨)دا پريديكاتی (هات) دەتوانێت تەنها يەک ڕۆڵی واتايی بدات ئەويش ڕۆڵی كارايی بە هيوای بە خشـــيوە( بۆ زانكۆ ) هيچ ڕۆڵێكی واتايی وەرنەگرتووە چونكە كەرەستەی داواكراوی كردارەكە نييە.

**٢/ دروستەی ئارگۆمێنت**

بەپێی ڕێزمانی بەرهەمهێنان دروستەی ئارگۆمێنت لە دوو پێکهاتەوە دەستنیشانکراوە، کە واتاو فۆرمی ئاخاوتنی پێ پەسندەکرێت، ئەوانیش پێکهاتەکانی کەرەستەی فەرهەنگیی و یاساکانی نواندنی دروستەیە لە فۆڕمدا (سینتاکس) لەمەشەوە جوتەی فۆڕم و گۆکردن ،کە واتای ئەبستراکت بە ڕێزمان دەبەخشن بونیادی دروستەی ئارگۆمێنت پێکدەهێنن. زاراوەی دروستەی ئاڕگومێنت بۆ ئاماژەدان بە نواندنی فەرهەنگییانەی پریدیکات بەکاردەهێنرێت، یاخود دروستەی ئاڕگۆمێنت گۆکردنێکی ڕێزمانییانەی کەرەستە زمانییەکانە(Bresnan,2001:5). تیۆریی دروستەی ئارگۆمێنت لەلایەن (Williams:1981) ئاماژەی پێدراوە و دواتر (Girnshaw:1990) پەرەی پێدراوە، دروستەی ئاڕگۆمێنت وەک بزوێنەری بچوکترین پەسندکردنی جیاکاری واتایی لە لیستی پارامێتەری کردارەکان دەستنیشانکراوە، یاخود دروستەی ئاڕگۆمێنت وەشەیەک، وەک سادەترین خەسڵەتی سیمانتیکیی وشەکە پەسنکراوە، کە ئاماژە بەجۆری پارامێتەری پەیوەستکراو بە کەرەستەی فەرهەنگیی وەک (پریدیکات) دەدات. زۆر جار پریدیکات کردارەکانن و دەشێت (ناو،ئاوەڵناو،پێشناو)یش بێت، دروستەی ئارگۆمێنت لە دروستەی قووڵی D- Structure سینتاکسەوە دروست دەبێت/پێکدێت( Rapoport,T, 1987,12)هەموو پریدیکاتێک ئاڕگۆمێنتێک/چەند ئاڕگۆمێنتێک داوادەکات ژمارە و سروشت و جۆری ئەو ئاڕگۆمێنتانەی داوایاندەکات پێیاندەگوترێت دروستەی ئاڕگۆمێنت ئەمەش لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە و دەروازەی فەرهەنگیی دروستەی هەر پریدیکاتێک ئەو ڕۆڵە بابەتانە لەخۆدەگرێت کە ئاڕگۆمێنتەکانی هەڵیانگرتوون ئاڕگۆمێنتەکان هەڵگری نیشانەی واتایین بەپێی ئەمە سروشت و جۆری ئەو داواکراوانە دەزانرێت کە ئارگۆمێنت – داواکەرەکان داوایاندەکەن( محویی، قادر،حسەین، ٢٠١٢، ٢١١) ئاڕگۆمێنت فرێزێکی ناوییە کە لە پەیوەندییەکی ڕێزمانیی یان سێمانتیکیی دیاریکراو دایە پەیوەست بە کردارەکەوە واتە دەگونجێت ئاڕگۆمێنت لە ڕوانگەی پەیوەندییە ڕێزمانییەکانەوە (بکەر ، بەرکار ، بەرکاری ناراستەوخۆ...) دیارییکرێت هەروەها دەگونجێت لە ڕوانگەی ڕۆڵی سێمانتیکییەوە وەکو (کارا ، کارتێکراو ، سودمەند.....) دیارییکرێت (Trask,1993,20)، یاخود دروستەی ئاڕگۆمێنتی کردار یان ئاوەڵناو ، کردەی ڕێکخستنی ئەو ئاڕگۆمێنتانەیە،کە پێویستە پریدیکاتەکان وەریانبگرن، ئەمەش بەشێکی پەیوەستداری بنەرەتییە بە برشتی کردارەوە (مەجید،٨،٢٠١٦)، واتە دروستەی ئاڕگۆمێنتی کردار دەبێتە پرۆژەی ڕاستەوخۆ، کرۆکی دروستەی سینتاکسی ڕستە پەیوەندییە سینتاکسییەکانی نێوان ئاڕگۆمێنتەکانی ڕستەیەک بەتەواوەتی لەلایەن کردارەوە دیارییدەکرێت هەر بۆیە کردار لەم ڕوانگەیەوە دەبێتە سەری ڕستیلەیەک .(Babby,2009,12)


لەدروستەی ڕستەدا، کردار پریدیکاتی سەرەکییە و ئەو فرێزە ناوییانەی بەبرشتیی کردار داواندەکات بەئارگۆمێنت/ ئارگۆمێنت داواکراو ناودەبردرێن، ئەو ئاڕگۆمێنتانەی لە VPن ، بە ئارگۆمێنتی ناوەکیی Internal Argument ئەو ئاڕگۆمێنتانەی لە دەرەوەی VPن بەئارگۆمێنتی دەرەکی External Argument ناو دەبردرێن. بڕوانە هێڵکاری ژمارە( ٣)

**هێڵکاری ژمارە( ٣)**




ئامانجی دروستەی ئارگۆمێنت پەسنکردنی پەیوەندی نێوان پریدیکاتەکان و ئارگۆمێنتەکانی پریدیکاتەکانە لەڕستەدا (Williams,2015,3)، لەم ڕوانگەیەوە ئەرکی سەرەکی دروستەی ئارگۆمێنت بریتییە لە دیاریکردنی: ١. ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی پریدیکاتێک. ٢. ئەرکی سینتاکسییان. ٣. پەیوەندیی سیمانتیکییانەیان بە پریدیکاتەوە . واتە دروستەی ئارگۆمێنت دوولایەنی هەیە: سیمانتیک و سینتاکس . کاری دروستەی ئارگۆمێنت پەیکالبوون و بەستنەوەی سیمانتیکی فەرهەنگیی بەدروستە سینتاکسیەکانەوەیە ((Bresnan,1978,5، لەرووی سینتاکسییەوە دروستەی ئارگۆمێنت زانیارییە فەرهەنگییەکان سەبارەت بە ژمارەی ئارگۆمێنتەکان و جۆرە سینتاکسییەکانیان بەکۆد دەکات واتە دروستەی ئارگۆمێنت نواندنێکی هەرەمییانەی/قوچەکییانەی ئەو ئارگۆمێنتانەیە ،کە لە لایەن پریدیکاتەوە داوادەکرێن لەسینتاکسدا(Aarts,2001,99) بڕوانە هێڵکاری ژمارە (٤)(bresnan,1978,4)

(∑) øýÍţ–⁄ ýÍ' ǂź



(NP1,NP2) ť¦ýÈŽ

¦ýÈŽ⁄ ȸ ɗΓ˫ ¦ÈþÍÁ

NP1 NP2

دروستەی ئارگۆمێنت لە سەر و تەواوکەر دەکۆڵێتەوە و توخمە واستەکانی سەر دیاریدەکات توخمە وابەستەکانی دروستەی ئارگۆمێنت تایبەتمەندیی ئەوەیان هەیە دەتوانرێت لەبری بەکارهێنانیان بۆ بکرێت ، واتە هەر توخمێکی وابەستە دەکرێت بە توخمێکی تری وابەستە بەکاربهێنرێت ( Alixander W,2015:344)

بۆ نمونە : هێنا : ئاسۆ نامەکەی هێنا .

٥٠. ئاکۆ کتێبەکەی هێنا .

لە نمونەی سەرەوەدا لەبری (NP) ئاسۆ (NP) ئاکۆ و لەبری نامە کتێب بەکارهێنراوە.

دروستەی ئارگۆمێنت لە رووی سیمانتیکەوە لەوە دەکۆڵێتەوە ، کە چۆن وابەستەکان (ئارگۆمێنتەکان) پەیوەندییان بە پریدیکاتەوە هەیە ؟


هەروەها لە ڕووی سیمانتیکییەکەیدا دروستەی ئارگۆمێنت بەشداربووەکانی (ئارگۆمێنتەکان) لە ڕووداوێکدا دەینوێنێت( (Jon brssnan,2001:5)

دروستەی ئارگۆمێنت لە ڕووی سینتاکسییەوە : گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە نواندنی بنەڕەتیی(کرۆک) پرۆژەیەکی ڕاستەوخۆی نواندنی کۆتایی دروستەی ئارگۆمێنتی کرداری سەرەکیی بێت، پەیوەندییەکی نەخشەیی و پەیکاڵبوون لە نێوان نواندنی جێکەوتەکان لە پرۆژەسینتاکسییەکان دیارییدەکات بە واتایەکی تر ئەو گریمانەیەی ئەم تیۆرە پشتیپێدەبەستێت ئەوەیە، کە کرۆکی ڕستە و پەیوەندییەکانی نێو توخمەکانی ڕستە لە ئەنجامی پرۆژەی ڕاستەوخۆی پەیوەندییە ناوەکییەکانی دروستەی ئارگۆمێنتی کۆتایی کرداری سەرەکییە (Babby,2009:1)

**٢/٢ بەپریدیکاتکردن** Predication:

دروستەی ناوەکی سادەترین جۆری ڕستە_ناوەڕۆک proposition کە پێی دەگوترێت ڕستە ناوەڕۆکی (ئەتۆمیی/گەردیلەیی) لە پریدیکاتێک و ئارگۆمێنتەکانی پێکدێت ، واتە پریدیکات پەیوەندیی نێوان ئارگۆمێنتەکان دەردەبڕێت و ئەو بەشـــەی ڕســـتەیە کە ئاماژە بە هەبووەکان entities دەدات هەبـــووەکـــان ئەوانەی پـــریـــدیـــکـــات داوایـــان دەکـــات ئارگۆمێنتەکانن(kearn,2011,31)


بە پریدیکلتکردن پێواژۆیەکە ،کە پریدکات بە بکەرەوە (ئـارگۆمێنتەکـان) دەبەســـتێتەوە واتە یەکگرتنی پریدیکات و بکەرە بۆ ئەوەی proposition ڕســـتە_ناوەڕۆک پێکبهێنرێت کەواتە ڕستە_ناوەڕۆک ئەنجامی بەپریدیکاتکردنە.( Radford,2009,399)





لەکـاتێکدا زاراوەی پریـدیـکـات و ئـارگۆمێنتەکـان لە ئـاســـتی دەربڕینەکـانـدان level of expressions بەڵام پریدیکات و ئارگۆمێنت لە ئاســـتی جیاوازن پریدیکاتەکان چەمکن و ئارگۆمێنتەکان ژێدەری/سەرچاوەی هەبوون، شتن لە جیهاندا.

بەپریدیکاتکردن : ســـێ ئاســـت لەخۆدەگرێت .١ ئاســـتی دەربڕینی زمانەوانیی زاراوەکانی پریدیکات و ئارگۆمێنت لەخۆدەگرێت. ٢. ئاســـتی چەمکییانە واتای زاراوەکانی پریدیکات و زاراوەکانی ئارگۆمێنت لەخۆدەگرێت. ٣. ئاســـتی ئاماژەبەندییانە referential ئارگۆمێنتەکان لەخۆدەگرێت .

ئاستەکانی بەپریدیکاتکردن لە ڕێگەی کردارێکەوەبەم شێوەیە دەخرێتەڕوو.




هێلکارییەکە ســـێ ئاســـت بۆ پرێدیکات لەخۆدەگرێت ،کە کردارێک دەربڕێت دوو هێلە ئاســـۆییەکە ئاســـتی چەمکییانە لە ئاســـتی جیهان(ژێدەرییانە) جیادەکاتەوە ، هێلەســـتوونییەکان دەربڕینەکـان لە ڕیزی یەکەمەوە (ئـاســـتی دەربڕین ) بە واتـاکـانیـانەوە لە ڕیزی دووەمـدا دەبەســـتێتەوە هێلە براوەکان چەمکەکان بە ژێدەرەکانیان (فرێزە ناوییەکان) دەبەســـتێتەوە هێلە تیرەکان پەیوەندی نێوان کردارە پرێدیکاتەکە و ئارگۆمێنتەکانی نیشاندەدات. زاراوەی پرێدیکات زۆر جار بەلایەنی کەمەوە یەک ئارگۆمێنتی ژێدەرییانەی هەیە .
[illegible] Predication [illegible] (Lobner,2013,109).



### ٣/٢ رۆڵی بابەتانە و دروستەی ئارگۆمێنت:

تیۆری سیتا (Θ) یەکێکە لە وەچە تیۆرییەکانی دەسەڵات و بەستنەوە، کە پەیوەندی نێوان پریدیکات لە ڕووی سیمانتیکییەوە ڕووندەکاتەوە ،ڕۆڵە سیمانتیکییەکان بەکۆد دەکات ،کە پریدیکاتەکان هەیانەو بەئارگۆمێنتەکان دەیبەخشن واتە ئەم وەچە تیۆرە کە بە شێوەیەکی گشتی بەندە بە ڕوونکردنەوەی ئەوەی چۆن دروستەی سینتاکسی دەبێتە ناوەندی دیاریکردنی چۆنیەتی پەیوەندی نێوان یەکە سینتاکسییەکانی ڕستەیەک لە لایەک و پێویستیە ئارگۆمێنتە واتاییەکانی ڕۆنانی سەرە لە لایەکی ترەوە (Colicover,1997:21) واتە مۆدەڵێکە پەیوەندی بە داواکارییە گونجاوەکانی کارەوە هەیە، کۆمەڵێ ڕۆڵی تایبەتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش بە ڕۆڵی واتایی ناودەبرێت، ئەم ڕۆڵانەش پەیوەندی واتایی نێوان ئارگۆمێنتەکانی کار دیاریدەکات و کاریش ڕۆڵی واتایی جیاواز دەبەخشێ بە ئارگۆمێنتەکان (سەباح ڕەشید، 2009: 106)، کار چەند زانیارییەکی سەبارەت بە ئارگۆمێنتەکان هەڵگرتووە ، کە ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئارگۆمێنت هەڵدەبژێرێت و ڕۆڵی واتاییان پێ دەبەخشێت ,کەواتە (هەر ئارگۆمێنێک دەتوانێت یەک و تەنیا یەک سیتاڕۆل وەربگرێت و هەر سیتاڕۆڵێکیش بە یەک و تەنیا یەک ئارگۆمێنت دەدرێت .(Chomsky1981: 36)، بە پێی ئەم پێوەرە، ئەگەر هەر ڕستەیەک بە پێوەری ڕۆڵی واتایی تێنەپەڕێت، ئەوا ڕستەیەکی ناڕێزمانی دەردەچێت. واتە ئەگەر ئارگۆمێنتێک لە ڕۆڵێکی واتایی زیاتری پێ بدرێت، یان یەک ڕۆڵی واتایی بە دوو ئارگۆمێنت درا، ئەوا لادانە لە تیۆری سێتا بڕوانە (٤ تا ٧)

٤.خوێندکارەکان وانەکانیان نوسی .
کارا کارتێکراو

* ٥. خوێندکارەکان وانەکانیان نوسی.
کارا، بابەت و کارتێکراو


* ٦. خوێندکارەکان وانەکانیان نوسی.
کارا کارا

٧.کارا کارتێکراو (خوارد)
*کورەکە کچەکە نانەکەی خوارد

نموونەی (٤) ڕستەیەکی ڕێزمانییە، چونکە بە پێوەر سێتا تێپەڕیوە، هەر ئارگۆمێنتێک یەک ڕۆڵی واتایی وەرگرتووە، یەک ڕۆڵی واتایش دراوە بە دوو ئارگۆمێنت. نموونەی (٥ ) پەیڕەوی پێوەری سێتا ناکات، چونکە دوو ڕۆڵی واتایی (کارا، بابەت) بە یەک ئارگۆمێنت دراوە. نموونەی ( ٦ ) لە پێوەری سێتا دەرچووە، چونکە یەک ڕۆڵی واتایی (کارا) بە دوو ئارگۆمێنت دراوە. لە نمونەی (٧)دا دوو سێتا رۆلمان هەیە کەچی لە ڕستەکەدا سێ فرێزی ناوی هەیە بۆیە لەگەڵ پێوەری سێتا یەکناگرێتەوە ڕستەیەکی نا ڕێزمانی بەر هەمهاتووە.

توانای کردەی کار لە بەستنەوەی چەشن و جۆری ئارگۆمێنتەکان ئەو توانایەیە، کە کردەی کار ژمارەیەکی دیاری کراو لە ئارگۆمێنتەکان هەڵدەبژێرێت و ڕۆڵی واتاییان پێ دەبەخشێت. کەواتە لە تۆماری فەرهەنگیی ڕۆنانی ئارگۆمێنتدا کۆمەڵێک ڕۆڵی واتایی هەیە، ئەو ڕۆڵانە لە گۆکردنی ڕۆڵی بابەتانە(واتایی(thematic function) ) وەک بکەری وبەرکاری، هەروەها لە پەیوەندی ڕۆڵی بابەتانە واتایی(thematic relation) (، وەک کارایی وکارتێکراویی پێک دێت، (محەمەد مەحویی،2010: 79)، بە واتایەکی تر هەر ڕۆڵێکی واتایی دەدرێت بە شوێنێکی ئارگۆمێنتی (Argument position)، بۆ نموونە شوێنی بکەر لە سینتاکس ئەو شوێنەیە، کە ڕۆڵی کارای پێدراوە، هەروەها شوێنی بەرکار ڕۆڵی کارتێکراوی پێدراوە . گواستنەوەی ڕۆڵە واتاییەکانیش بۆ ئارگۆمێنتەکان لەلایەن کارەوە بە نیشانەکردنی سێتا ناو دەبرێت(Cook&Newson1997:169) ئەمەش بەپێی تیۆری GB ئەوەمان بۆ

ڕووندەبێتەوە، کە پێشتر هەر ڕستەیەک لە دوو ئاستدا شیدەکرایەوە ئاستی گۆکردن و ئاستی فۆڕم، بەڵام بە پێی تیۆری GB دەکرێ بوترێت، کە ڕستەیەک لە ڕوانگەی ئەم سێ ئاستەدا شیبکرێتەوە: (ئاستی گۆکردن، ئاستی فۆڕم، ئاستی ڕۆڵی واتایی)( مەحویی،2010: 99).
بڕوانە ئەم نموونەی خوارەوە:
٨. مندڵەکە یارییەکەی شکاند.
ئاستی ڕۆڵی بابەتانە [ Predicat [[ Patient [[Agent] ]
کارا کارتێکراو پریدیکات
ئاستی گۆکردن بکەر + بەرکاری ڕاستەخۆ + پریدیکات
ئاستی فۆڕم [NPمنداڵەکە [NP یارییەکەی Vشکاند]]
نواندنی ڕستە بە پێی ڕۆڵی بابەتانە بڕوانە هێڵکاری خوارەوە




ئەوە ڕوونکرایەوە، کە ڕۆڵی واتایی دەدرێت بە شوێنێکی ئارگۆمێنتی، بۆیە لە دروستەی قووڵدا ئەو شوێنەی ڕۆڵی واتایی (کارا، کارتێکراو) وەردەگرێت، دەبێت بە کەرەستە پڕ بکرێتەوە، بەڵام زۆر جار دەبینین شوێنێک ڕۆڵی واتایی هەیە، بەڵام بە کەرەستە پڕ نەکراوەتەوە، یان شوێنێک ڕۆڵی واتا یی پێنەبەخشراوە
هەموو ڕۆڵەکانی سیتایی دەدرێتە پاڵ شوێنەکانی فرێزی ناوی ئارگۆمێنتی شوێنی، بەڵام هەموو ئەو شوێنانە ڕۆڵی سیتاییان نییە (Cook,1988:115) .

**٥/٢ ڕۆڵە واتاییەکان :**

**کارا** :ئەو دۆخە زیندووەیە کە بەکارێک هەڵدەستێت، یان دەبێتە هۆی ڕوودانی ڕووداوێک یاخود بە ئەنجامی دەگەیەنێت یان بە واتایەکی تر کارا لە ڕستەدا ئاماژە بە کەرەسەیەک دەکات کە هەستی هەبێت و بە ئاگایانە و بە شێوەیەکی ئیرادی کارێک بە ئەنجام بگەیەنێت (میر عیمادی، 1386: 91 )
٩ . ئازاد نانەکەی خوارد

**کارتێکراو:** بەواتای کەسێک یان شتێکە کاریگەری کارەکەی دەکەوێتە سەر بە واتایەکی تر بەو ناوە دەوترێت کە ئەنجامی کارێک بەدەست بهێنێت و کاردانەوەی کار بە گۆڕانی بارەکە دەبێت (میر عیمادی، 1386: 95).واتە دەبێت ئارگۆمێنتەکە گۆڕانێکی بینراو یان فیزیکیی بەسەر ڕەوشتەکەیدا(حالەتی مادییەکەی) هاتبێت بەڵام لە سێتا ڕۆڵی بابەت ئەم گۆڕانکارییە نییە.
١٠.منداڵەکە پەنجەرەکەی شکاند .

**بابەت** : ئەو فرێزە ناوییەیە کە کاریگەری کردارەکە دەکەوێتە سەری یان کاری تێدەکات.
١١.کاوە کتێبەی هێنا.

بۆ ناوێک دەگەڕێتەوە کە بەرهەمی ڕووداوی کارەکە بەدەست بێنێت، واتە بەکەسێک **:**سودمەند یان شتێک دەگوترێت کە سود لە کارێک یان ڕووداوێک وەربگرێت.

١٢. دا ئازاد خانوەکەی بە ئێمە.

**وەرگر** :recipientئەو ئارگۆمێنتەیە کە لە ڕەوشێکدا شتێک وەردەگرێت .

١٣.ئازاد کتێبەکەی بە من دا .

جیاوازی نێوان سومەند و وەرگر ئەوەیە ،کە وەرگر توانای وەرگرتنی ئەو شتەی هەیە کە پێی دەدرێت بەڵام سودمەند توانای وەرگرتنی ئەو شتەی نییە بڕوانە نمونەکانی سەرەوە.

**تاقیکەرەوەیی:**experiencer ئەو ڕۆڵەیە ، کە پەیوەستە بە لایەنی دەروونی/سایکۆلۆژیی یان ڕەوشێکی فیزیکیی دیاریکراوەوە واتە کاریگەری کردارێک دەکەوێتە سەر کەسێک یان شتێک( .Brown&Miller,2013:164 ).

١٤.قۆرقوشم بەگەرمکردن دەتوێتەوە.

١٥.هیوا دڵخۆشە.

**سەرچاوە source:** ئەو سێتا رۆڵەیە ،کە شوێنی سەرەتای شتێک یان کەسێک دەردەخات لە جولاندندا ،

١٦.ئەو منداڵەکەی لە باخچەی ساوایانەوە بۆ قوتابخانە نارد.

**ئامانج** :بۆ کەرەستەیەک دەگەڕێتەوە کە (کردار)ەکە ئاراستەیە بۆ لای ئەو، جا ئەو کارە بە ئارەزووی بێت یاخود بەخورتیی بێت یان کۆنکریتی بێت یاخود کۆنکریتی نەبێت ، واتە کەسێکە یان شتێکە ئامانجی ڕوودانی کارەکە دەستنیشان دەکات .

١٧.ئەو منداڵەکەی لە باخچەی ساوایانەوە بۆ قوتابخانە نارد.

خالی دەستپێکردنی جوڵاندنی کەسێک یان شتێک بە سەرچاوەیی دادەنرێت بەڵام خالی کۆتایی جولاندنەکە بە ئامانجی دادەنرێت بڕوانە ((Liliane,1994:663)،( Todd,1987:103 )، (Yule,2006:103)

**ئامێر :**instrument ئامێرێکە یان شتێکە لەلایەن کاراوە بۆ ئەنجامدانی کردارێک بەکاردێت ، واتە ئامرازێکە یان هۆکارێکە بۆ ئەنجامدانی کارێک.

١٨.دەرگاکەم بەکلیل کردەوە.

**شوێنی :locative** ئەو شوێنەیە کە کردارەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، واتە ئەو شوێنەیە کارێکی تێدا ڕوودەدات .

١٩.ئازاد دەچێت بۆ زانکۆ.

**سەرچاوەکان:**


1. ئارام رشید مجید (٢٠١٦) دروستەی کرداری فەرهەنگیی لە فرێزی کارییدا ، نامەی ماجستێر، سکوڵی زمان ، زانکۆی سلێمانی .
2. بیستوون حسن ئەحمەد(٢٠١٢)، کۆمەڵەوشە پێکەوهاتن لە زمانی کوریدا ، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
3. تارا موحسین قادر (٢٠٠٤) جێناو: لێکدانەوەیەکی نوێ لە زمانی کورییدا (بەکەرەستەی دیالێکتی خوارووی) ، نامەی ماجستێر ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی
4. صباح رشید قادر(٢٠٠٩) هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە(GB) لەزمانی کورییدا، لەبلاوکراوەکانی ئەکادیمای کوردی،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
5. عبدولجبار مستەفا مەعروف،(٢٠٢٠) لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی،چاپی یەکەم ، چاپخانەی سارا، سلێمانی.

6. محەمەدی مەحویی، کاروان عومەر، شیلان عومەر (٢٠١٠) دروستەی کردار بنەما ودیاردە، زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی.
7. Alixader Willams(2015 ) Argument in syntax and semantics , Cambridge University press,
8. Andrew Radford (2006) English syntax-An Introduction, , Cambridge, University press
9. Bas Aarts (2001) English syntax and Argumentation,2nd edition,london
10. Chomsky(1981) Letures on government and Binding, Dordrecht:foris
11. David Crystal(2003)A Dictionary of Linguistics and phonetics,5th edition ,Blacwell.
12. Hadumod Bussmann(1998) Routledge Dictionary of Language and Linguistics, Routledge Publisher, New York.
13. Jack C.Richards and Richards Schidt(     ) Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics

## Referens

1. Jane Grimshaw(1991) Argument structure, second editiin ,MIT , Massachusetts.
2. Joan Bresnan (1995) Lexicality and Argumeny Structrue
3. Kate Kearn(2011) Semantics , second edition , palagrave Macmillan,UK.
4. Leonard H. Babby(2009) The Syntax of Argument Structure , Cambridge University press, New York .
5. Liliane Haegeman(1994)Introdution to Government and Binding Theory, Blackwell publishing, second edition.
6. R.L.Trask(2007)A Dictionary of grammatical terms in linguistics
   Rappaport, M. Levin, B. and Laughren, M(1993) Levels of lexical
7. Rappaport, M. Levin, B. and Laughren, M(1993) Levels of lexical representation .semantics and the lexicon in(semantics and lexicon) volume 49
8. Sebastian lobner(2013) Understanding Semantics.
9. Thomas Ernst (2004) The syntax of Adjuncts , Cambridge, University press